# ئەو شایانی خەڵاتی نۆبڵ بوو



**سەڵاحەددین بایەزیدی**

کەس چاوەڕێی نەبوو ئاکادیمی سوێدیی نۆبێل، خەڵاتی نۆبێلی 2005 ببەخشێ بە هارۆلد پینتیری 75 ساڵە. شانۆنوس و ئەکتەری بەئەزموونی ئینگلیزی زۆر بێدەنگانە لە ڕەقیبەکانی بردەوە بوو بەخاوەنی میدالیایەکی زێڕو میلۆنێك و سێسەدهەزار دۆلار. پینتیر لەنێوان بەدەیان کاندیدی گرنگ و لەسەرووی هەموویانەوە ئەدۆنیس، ئۆرهان پاموك و میلان کۆندێرا شیمانەی سەرکەوتنی زۆر کەم و قەڵس بوو.

خەڵاتی ئەدەبی نۆبێل ئەوە چەند ساڵێکە لەبەر هۆکاری سیاسی بەو کەسانە دەبەخشرێ کە چاوەڕوانەکراوە. خەڵاتی نۆبێل لەڕشتەکانی دیکەشدا سێبەری قورسی سیاسییان پێوە دیارە. خەڵاتی ڕشتەی ئەدەبی ئەمساڵیش نەیتوانی خۆی لەم کۆت و بەندە سیاسییە ڕزگار بکات. ئەنجامەکانی ڕاگەیاندنی خەڵاتی نۆبێل کە هەر ساڵ پێویستە لەشەشی ئۆکتۆبەردا ڕابگەیەنرێ، بەڵام ئەمساڵ وتەبێژی لیژنەی داوەران بەبیانووی دوودڵی لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بۆ هەفتەیەکی دواخست کە دیارە هۆکارێکی سیاسی لەپشت بوو. هەر وەك ساڵانی ڕابردوو، کە لەوپەڕی بێباوەڕی دا بەکەسانی وەك داریۆفۆی ئیتالی و ئێلفریدە بیلینێکی ئوتریشی (نەمسایی) بەخشرا، ئەمساڵیش درا بە پینتیری ئینگلیزی.

لەم وتارەدا دەمەوێ ئاوڕێك بدەمەوە سەر ژیان و بەرهەمەکانی یەکێك لەو کاندیدانە کەبوو بە قوربانی هەڵاواردنی ئەم دەزگایە. چاودێرانی بواری ئەدەبیات پێیان وابوو لەبەر هەڵوێستەکانی و خەبات لەپێناوی ئازادی و داکۆکی لەمافی مرۆڤ، پاموك زۆرترین دەنگ بەدەست دێنێ. کەچی دەزگای نۆبێل بەرژەوەندی سیاسی خستە پێش بەرهەمی ئەدەبی و ڕەنجی مرۆیی. یەکێك لەسەرەکی ترین ئەو هۆکارانەش کە ئۆرهان پاموك شایانی خەڵاتی نۆبێل نەبینرا، پەیوەندیی یەکێتیی ئەوروپا و تورکییە بوو، تاکوو بەمجۆرە کێشەکانی تورکییە و ئەو پێشێل کارییانەی لەبواری مافەکانی مرۆڤ و گەلانی تردا دەیکات، زەق نەبێتەوە و دڵی لە یەکێتیی ئەوروپا نەڕەنجێ.

ئۆرهان پاموك ساڵی 1952 لەئەستەنبول لەدایك بووە، بێجگە لەو سێ ساڵەی لەنیۆیۆرك بووە، زۆربەی تەمەنی لە ئەستەنبوڵ بەسەر بردووە. ئۆرهان پاموك کە هۆگرییەکی تایبەتی بە ڕۆژنامەڤانی هەبوو، پاش سێ ساڵ خوێندن لەکۆلێجی میعماری، دەستی لەو ڕشتەیە بەردا و لەئەنیستیتۆی ڕۆژنامەوانیدا درێژەی بەخوێندن دا. ساڵی 1974 دەستی بەنووسین کردوە. دوابەدوای نووسینی یەکەمین کتێبی بەناوی "تاریك و ڕوون Karanlık Ve Işık" لەساڵی 1979دا بەدوو قۆڵی لەگەڵ محەممەد ئەرئۆغلۆ خەڵاتی ڕۆژنامەوانی میللییەتی وەرگرتووە. لەو دەمەوە تا ئێستا بەدەیان ڕۆمانی بڵاو کردوتەوە، هەروەها چەندین خەڵاتی گەورەی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی وەرگرتووە، گرنگترینیان خەڵاتی ئاشتیی ئەمساڵ بوو کە لەلایەن نووسەرانی ئەڵمانەوە پێی بەخشرا. بەرهەمەکانی ئۆرهان پاموك بریتین لە:

ـ جەودەت و کوڕەکانی Cevdet Bey Ve Oğullari: ئەم ڕۆمانە ساڵی 1982 بڵاو بۆتەوەو ساڵی 1983 خەڵاتی ئەدەبیی ئۆرهان کەماڵی وەرگرتووە. پاموك لەم ڕۆمانەی دا دەیەوێ سێ بەرە لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی ئەستەنبوڵ نیشان بدات کە لەگەڕەکی نیشانتاشلی ـ زێدی نووسەر ـ دەژین. بەسەرهاتەکانی ئەم ڕۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو کە قارەمانی ڕۆمان هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ مۆدێرنیتەو ڕۆژئاوادا دەدات و سەرقاڵی ئیشی بازرگانییە...

ـ ماڵێکی بێدەنگ Sessiz Ev: ئەم ڕۆمانە ساڵی 1983 بڵاو بۆتەوە. ساڵی 1984 خەڵاتی ڕۆمانی "مادارال"ی کردۆتە هی خۆی. ماڵێکی بێدەنگ سەربوردەی سێ برای گەنج و ناهومێدە کە لەشارێکی بچووکی نزیك ئەستەنبوڵ دەژین و هەر یەکە خولیایەکی لەسەردایەو لەپێناو ئامانجێکدا تێدەکۆشێ، یەکیان دەیەوێ ببێتە شۆڕشگێر، یەکیان مێژووزان و ئەوی تریشیان دەیەوێ دەوڵەمەندو ساماندار بێت. ڕووداوەکان لەماوەی هەفتەیەکدا ڕوو دەدەن...

ـ قەڵای سپی Beyaz Kale: ڕۆمانێکی مێژووییەو ساڵی 1985 بڵاو بۆتەوە. ئەم ڕۆمانەش خەڵاتێکی دەرەکی وەرگرتووەو وەك یەکەمین بەرهەم بۆتە هۆی بەناوبانگ بوونی پاموك لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکییە. یەکەمین بەرهەمی پاموك بوو کە وەرگێڕدرایە سەر زمانەکانی دیکە. بەسەرهاتی قەڵای سپی لەسەدەی هەڤدەدا ڕوو دەدات...

ـ کتێبی ڕەش Kara Kitap: ئەم ڕۆمانە ساڵی 1990 چاپ و بڵاو بۆتەوە. ڕۆمانێکی ئاڵۆز و دەوڵەمەندە، بەها و دژە بەهاکان لەکۆمەڵگادا دێنێتە بەرامبەری یەکتری. کتێبی ڕەش بەسەرهاتی جەلالی ڕۆژنامەنووس و لێوەکۆڵ و ڕۆئیایە کە دواتر ژیانی هاوبەش پێك دێنن...

ـ ڕووی نادیار Gizli Yüz: لەسەر بنەماو بیرۆکەی ئەم ڕۆمانە دەرهێنەری تورك "عومەر کافور" فیلمێکی سینەمایی درێژی بەرهەم هێناوە. فیلمەکە لەسینەمای هاوچەرخی تورکییەدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێناوە.

ـ ژیانی نوێ Yeni Hayat: ساڵی 1995 بڵاو کراوەتەوە. هەر ئەو ساڵە پڕفرۆشترین کتێبی تورکییە بووە. ڕۆمانەکە باس لەکاریگەری کتێبێك دەکات کە دواتر دەبێتە هۆی گۆڕینی ژیانی کەسێك و دەبێتە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ، بەو ڕستەیە دەست پێدەکات: ڕۆژێك کتێبێکم خوێندەوەو دواجار هەر ئەو کتێبە تەواوی ژیانمی گۆڕی...

ـ ڕەنگەکانی تر Öteki Renkler: ڕەنگەکانی تر بەسەرهاتی ژیانی نووسەر خۆیەتی. سەعاتە خۆشەکانی منالّیی نووسەر، ئەو کتێب و نووسەرانەی خۆشی ویستوون، روانگەو ڕەخنەی لەسەر کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان، دیدگای سیاسی و ژیانی کەلتووری پاموك کاکڵی سەرەکی ئەم ڕۆمانەن..

ـ ناوی من سووره Benim Adim Kirmizi: یەکێکە لەگرنگترین بەرهەمەکانی پاموك و ساڵی 2003 خەڵاتی نێونەتەوەیی "دابلین"ی وەرگرتووە. نووسەر لەم بەرهەمەی دا پێمان دەڵێت کە لەجیهانی ڕۆماندا هەموو شتێك بەدی دێت. چونکە تێیدا مردوویەك وە قسە دێت: "من ئێستاکە مردووم، کەلاکێکم، نێژراو لەناو چاڵدا." لەئاخروئۆخری سەدەی شازدە، مینیاتوریستەکانی چاخی عوسمانی لەململانێیەکی سەیر دان. هەندێکیان پێوانەو بەهاکۆنەکانیان وەك خۆی قبووڵەو هەندێکیشیان گرنگی بە نەریتە کۆنەکان و ئیسلام نادەن و ڕوویان لە ڕۆژئاوا و ڕێنیسانس کردووە. ناوەڕۆکی "ناوی من سووره"، پێکگەیشتنی نەریتی ڕۆژهەڵاتە لەگەڵ ڕێنیسانسی ڕۆژئاوا، دوو جیهانبینی ناکۆك کە لە ئەستەنبوڵ، خاڵی سنوور، ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە. سەردێڕی بڕگەکانی کتێب بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە کێ قسە دەکات: "من مردووم"، "ناوی من ڕەشە"، "من سەگێکم"، "من بەبکوژ ناوزەد دەکەن"، "من مامی ئەنگۆم"، "من ئۆرهانم" و ... واتە چیرۆکەکە لەروانگەی جۆراوجۆرەوە دەگێڕدرێتەوە.

ـ بەفر Kar: ئەم ڕۆمانەش بەنۆرەی خۆی هات و هاوارێکی زۆری نایەوەو وەرگێڕدراوەتە سەر دەیان زمانی بیانی. بەفریش باس لە باروودۆخی ئاڵۆزی تورکییە دەکات. ڕۆمانی بەفر لەزستانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆل، شوێنێکی دووردەست کە حیزبوڵڵا زۆرترین لایەنگرانی هەیە، دەقەومێ. واتە لەشاری "کارس"، نزیك سنووری گورجیستان. مێژووی پڕ فراز و نشێوی ئەم ناوچەیە، بۆتە هۆی ئەوەی چەندین گەلی وەك کورد، تورکمەن و ئازەری ئاوێتەی یەك بن. سەرپێهاتی لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دەست پێدەکات و چەند ڕۆژی تر لە کارس هەڵبژاردنە. شاعیرێکی تورك بەناوی "کا Ka" کە دوازدە ساڵ بەهۆی بیری سیاسی بۆ ئاڵمان دوور خراوەتەوە، بۆ مەراسیمی بەخاك سپاردنی دایکی دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ. پاشان دەچێتە کارس تاکوو لەسەر هەڵبژاردنەکان راپۆرتەهەواڵێك بۆ ڕۆژنامەی جمهورییەت ئامادە بکات و لەئەنجامی لێکۆڵینەوەدا بزانێت بۆچی ئەو هەموو کچە گەنجە لە کارس خۆیان دەکوژن. کا شاعیرێکە لەنێوان سیاسەت و مەزهەب دا گیری کردووە. ئەویش لە شوێنێکدا کە سیستەمی حکومەتی لەگەڵ رادیکالیزمی ئیسلامی لە ململانێ دایە. ئیسلامی سیاسی لەهەڵبژاردنەکانی کارس دا سەردەکەوێ و حیزبوڵڵا لەم ناوچە بەلەنگازو دوورەدەستەدا زۆرترین لایەنگری دەبێت. بەفر ڕۆمانێکی سەرسوڕهێنەر کە ڕووداوەکانی لەماوەیەکی کەم دا واتە لە سێ ڕۆژدا ڕوو دەدەن...

ئەستەنبوڵ: بیرەوەرییەکان و شار İstanbul: Hatıralar Ve Şehir: دوایین بەرهەمی ئۆرهان پاموکە. وەك زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەی بیرەوەری قۆناخەکانی ژیانێتی، بەڵام لەڕوانگەیەکی دیکەوە و بەشێوازێکی جودا. پاموك لەم بەرهەمەدا هەروەها باس لە بەشێك لەمێژووی یەکێك لە گەورەترین و دڵڕفێن ترین شارەکانی جیهان واتە ئەستەنبوڵ دەکات و پابەندی خۆی بەو ئاوو خاکەوە نیشان دەدات....

بەرهەمەکانی پاموك و هەڵوێستەکانی، دەسەڵاتدارە فاشیست و فەندەمینتالەکانی ئەم وڵاتەی وروژاند. بەشێوەیەك کە ناتۆرەی "خیانەتکار"یان پێوە لکاندو وەك چاخی ناوین کتێبەکانیان سووتاندو هەڕەشەی مەرگیان لێکرد. ئەمانەش بوونە هۆی ئەوەی نووسەر لەخاکی خۆی پەرپەوە بێ. ئۆرهان پاموك بەتاوانی "سووکایەتی بەناسنامەی نەتەوەیی" چەند جار داوای لەسەر تۆمار کراوە. تەنانەت هەموو ئەو قەڵەمانەی لەسەر خوانی دەوڵەت دەخۆن و خۆیان بەدیموکرات!! دەزانن، هێرشی توند دەکەنە سەر پاموك، یەکێك لەوانە محەممەد عەلی بیراند ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکییەیە کە لەم مەسەلەیەدا، هاودەنگ لەگەڵ فاشیستەکان خوازیاری دادگایی کردنی پاموکە.

ئەوە ڕووی ڕاستیی ئەو وڵاتەیە کە خوازیاری کەوتنە ناو یەکێتیی ئەوروپایەو تا دوا ڕادە مافی ئازادی و رادەربڕین پێشێل دەکات و ئازادیخوازان لەژێر ناوی "خیانەت بەنیشتمان" ئازارو زیندانی و پەرپوەی هەندەران دەکات. پاموك یەکەم کەس نییە ئەو سیفەتەی پێوە دەلکێ. پێش ئەویش کەسانی وەك نازم حیکمەتی شاعیر، یەلماز گۆنەی دەرهێنەرو نووسەرو هەروەها ئەحمەد کایای گۆرانیبێژ و .. بەخیانەتکار لەقەڵەم دراون. لەگەڵ ئەوەی لەغوربەتیشا سەریان ناوەتەوە و کۆچی دواییان کردووە، هێشتا حازر نین ئەم نازناوەیان لەسەر هەڵگرن و دوور لەبەهاکانی مرۆڤایەتی بەرهەمەکانیان سانسۆر دەکەن و ڕێگە نادەن لە شوێنە ڕەسمییەکان دا بەرهەمەکانیان بڵاو بێتەوە.

سەرەڕای ئەو هەموو گوشار و زەخت و زۆرییەی دەسەڵاتدارە فاشیستەکانی تورکییە و هەروەها لێشاوی هەڕەشەو گوڕەشەی نووسەران و ڕۆژنامەوانانی ئەم وڵاتە، ئۆرهان پاموك سووره لەسەر هەڵوێستەکانی. لەزۆربەی سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوە و وت و وێژەکانیدا ڕاشکاوانە جەخت لەمافی کەمینەکان و گەلانی ناو تورکییە دەکات. ئەو هێڵە سوور و حەرامکراوانە دەبەزێنێ کە بەساڵانە کەس ناوێرێ خۆیان لێ نزیك بکاتەوە. سەبارەت بەقەتڵ و عامی ئەرمەنییەکان بەدەستی عوسمانییەکان زۆر بوێرانە هەڵوێستی نواندوەو بەردەوامیش وەك دڵسۆزێکی گەلی کورد هەڵس و کەوتی کردووە. ئەم دواییانە لە وت و وێژێکدا دەگەڵ ڕۆژنامەی سوییدی گوتی: "سی هەزار کورد و میلیۆنێك ئەرمەنی لەتورکییە کوژران و هیچ کەس متەقی لێوە نەهات و نەیوێرا لەم بارەوە شتێك بڵێت، من ئەم کارەم کردووە."

ڕەخنەگران و شارەزایانی باری ئەدەب بەرهەمەکانی پاموك دەگەڵ خورخە لوئیس بۆرخیسی ئەرژەنتینی و ئیتالۆ کالۆینۆی ئیتاڵی بەراورد دەکەن و بەنووسەرێکی پۆست مۆدێرنی ناوزەد دەکەن.

بەرهەمەکانی ئۆرهان پاموك بەزیاتر لە 30 زمان وەرگێڕدراون. بەداخەوە هەتا ئێستا نەکراونەتە کوردی. ئەگەرچی ڕۆمانی ناوی من سووره وەرگێڕدراوەتە سەر شێوە زاراوەی کورمانجی ژوورو و لەئەستەنبوڵ لەژێر ناوی "Navé Min Sure" بەچاپ گەیەنراوە. هەروەها بیستوومە کە ئەم ڕۆمانە لەلایەن برای بەڕێز کاك سەرداری سەلیمی بۆ سەر زاراوەی خۆشمان وەردەگێڕدرێ، کەمایەی خۆشحاڵییە. وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئۆرهان پاموك

بۆ سەر زمانی کوردی پێویستە، چونکە هەم رێزگرتنێکە لەم نووسەرە وەك ئینسانێکی ئازادیخواز و ئەدیبێکی پێشکەوتووخواز و سەرکەوتوو و هەمیش خزمەتێکە بە کتێبخانەی کوردی.